Stockholms stad

Sorani

ورد تێروواندین کراوە ئاخرین جار 20170509

# ئێس.ئێف.ئی

## دەرسی زمانی سویدی بۆ پەنابەر

ئێس.ئێف.ئی خولێکی بنچینەییە لە زمانی سویدی. ئامانجەکە ئەویە کە بتوانیت درێژە بدەیت بۆ کار یان درێژەی خوێندن بدەیت. ئەتۆ دەتوانیت لەگەڵ ڕێنمایکارێکی خوێندن و پیشە ( ئێس.ئیی.ڤ) قسە بکەیت لەبارەی خوێندنت و دەرفەتی وەرگرتنی کار.

### خوێندنی دەرسی ئێس.ئێف.ئی بەم شێوەیە

ئێس.ئێف.ئی سێ **ڕێگای خوێندنی** هەیە ( ١ تا ٣) و چوار **خولی** هەیە ( ئا تا دی) .لە کاتێک بە ئامانجی خولێک گەیشتووی نمرەنامە وەردەگریت. دواى ئێس.ئێف.ئی دەتوانیت لە کۆمڤۆکس درێژە بە خوێندن بدەیت.

سەردانی ئەتۆ لەVuxenutbildningscentrum, Rosenlundsgatan 52, لەوانەیە بەینی ٣٠ دەقیقە  تا ٣ سەعات بخایەنێ. بۆ ئەوەی بزانین ئەتۆ دەبێت کام خول بخوێنیت، گۆتوبێژێکی کورت دەکەیت و ڕەنگە **تاقی کردنەوەیەکی هەڵسەنگاندنی زمان** لە ناوەندی ئێس.ئێف.ئی. دواى خوێندنگا هەڵ دەبژێریت لەو شوێنە کە شوێنی بەتاڵ هەیە و ئێمە بانگهێشتنێکت بۆ دەنێرین. لە ناونووسی کردن تا دەست پێ کردنی خول ئاسایيانە چەند هەفتەیەکی پێ دەچێت. ئێس.ئێف.ئی لە ماوەی تەواوی ساڵ خولەکانی دەست پێ کردنیان هەیە. قوتابیی لە کاتی جیاواز خوێندن دەست پێ دەکەن و تەواو دەکەن لە ماوەی خوێندنی دەرسەکە. دەرس دان و کتێبی خول بە خۆڕاییە.

هەموو خولەکان بە **ناساندنێک** دەست پێ دەکەن. لەوێ زانیاری وەردەگریت لەبارەی خولەکەوە و لەبارەی خوێندنگاگە. ئەتۆ هەروەها ئامانجی دەرس خوێندنەکەت باس دەکەیت لەگەڵ مامۆستاکەت. پێکەوە پلانێکی تاکەکەسیی خوێندن دروست دەکەن بۆ ئەتۆ و بڕیار دەدەن بۆ ماوەی چەنێک خولەکە بخوێنیت. ئەگەر دەرفەتی بەشداری کردنت نیە یەکەم هەفتە شوێنی خولت لەدەست دەدەیت. لەماوەی خولەکە دەتوانیت بە ڕاوێژکاریی لەگەڵ خوێندنگا کاتی دەرس خوێندن بگۆڕیت ئەگەر پێویست بوو. لە کاتێک بە هەڵسەنگاندنی مامۆستاکە ئەتۆ بە ئامانجەکان و ئەرکەکانی زانست گەیشتووی خولەکە تەواو دەبێت بە تاقی کردنەوەیەکی ئاخر ( تاقی کردنەوەیەکی سەرانسەری لە لایەن دامی خوێندنگا ) .پلانی خول بۆ ئێس.ئێف.ئی هەیە لە:skolverket.se

هەموو کەسێ بە زمانی سویدی قسە دەکات لە خولەکە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە. مامۆستاکان بە زمانی سویدی قسە دەکەن. ئێوە لە نێو ژووری پۆل دەبن و لە هۆڵی کۆمپیوتەر و هەروەها سەردانی لێتوێژینەوە لە دەرەوەی خوێندنگا دەکەن، بۆ نموونە شوێنی کار و مۆزەخانە. لە خوێندنی دەرسەکە کتێب، ڕۆژنامە، میدیای کۆمەڵایەتیی، بەرنامەی زمان و کۆمپیوتەر هتد بەکار دەهێنن.

**Vuxenutbildningscentrum**
Rosenlundsgatan 52
Tel: 08-508 35 450
Epost: sfi@stockholm.se
Webb: stockholm.se/sfi



ئەتۆ بۆخۆت بەرپرسی دەرس خوێندنی خۆتی و کە کاتەکانی چوونە خوێندنگا ڕەها بکەیت. ئەوەیش هەروەها گرینگە کە چالاک بیت لە کاتی دەرس خوێندن، کە دەرسەکانی ماڵ بخوێنیت و لەماڵەوە ئەوی لە خوێندنگا فێر بوویت دووپاتی بکەیتەوە.

ئەگەر ناچاریت غایب بیت لە خوێندنگا دەبێت مامۆستاکەت پێشتر ئاگادار بکەیت. ئەگەر زیاتر لە ١۴ ڕۆژ بە حیسابی ڕۆژژمێر غایب بیت لە دوای یەک شونی خوت لەدەست دەدەیت. ئەگەر دەتەوێت دەرس خوێندنت هەمتر دەست پێ بکەیتەوە پێوەندی بە ئەو خوێندنگا دەکەیت کە ئاخرین بار لەوێ دەرست دەخوێند. ئەگەر زیاتر لە 6 مانگ غایب بوویت پێوەندی بە Vuxenutbildningscentrum دەکەیت. ئەگەر دەتەوێت خوێندنگا بگۆڕیت پێوەندی بە Vuxenutbildningscentrum دەکەیت. بەڵام ناتوانیت خوێندنگا بگۆڕیت ئەگەر لە کۆتای خولەکەت بیت.

لە ئێس.ئێف.ئی ژنان و پیاوان لە تەواوی دونیاوە بە فەرهەنگ و دینی جیاواز بەشداری دەکەن. گرینگە کە هەموو یەکتر ڕێز و لەبەرچاو بگرن .ئەو دەرفەتە هەڵگرە بۆ بەکارهێنانی زمانی سویدی تا دەتوانیت زۆر جار و زۆر زیاد!

## کەسانی دیکە

ئەتۆ کە تەمەنت ١۶ ساڵە یان پیرتر، **لە دامی تۆمارکردنی دانیشتووانی ستۆکۆلم ناوت هەیە**، ژمارەی کەسیی تەواوت وەرگرتووە و پێویستە زمانی سویدی فێر بیت لە ئاستی ئێس.ئێف.ئی مافی خوێندنی ئێس.ئێف.ئی ت هەیە لە ستۆکۆلم. ئەگەر هاوولاتی ئیێ.وویت یان ئیێ.ئیێ. ئێس یان هاوولاتی سویسیت دەبێت مافی مانەوەت هەبێت و هەروەها لە ستۆکۆلم بژیت.

ئەگەر **سندووقی بیمەی بێکاریتA-kassa** هەیە و دەتەوێت دەرسی ئێس.ئێف.ئی بخوێنیت دەبێت بۆ یەکەم پێوەندی بە سندووقی بیمەی بێکاریت بکەیت ( داوای بەڵگەی دڵنییایی خوێندن بکەیتstudieförsäkran) . لەپێش کاتی خۆیدا داوای ئەوە بکە و چاوەڕوانی پریار بە لە لایەن سندووقی بیمەی بێکاریت پێش ئەوەی دەست بە خوێندن بکەیت.

بۆ ئەوەی بۆت هەبێت دەرسەکە بخوێنیت دەبێت زانیاریەکانی کەسیت تۆمار کرابێت. کۆمیتەی بازاری کار بەرپرسی چۆنیەتی تۆمار کردنە و لە کاتی تۆمار کردنەکە دەبێت **یاسایەکی تایبەتی زانیاری کەسی** ڕەها بکەن ( پیێ.وو.ئێل). زانیاریەکانی ئەتۆ ڕەنگە بینێرن و بیدەن بە ئەو خوێندنگایەی لەوێ دەست پێ دەکەیت. ئەتۆ مافی ئەوەت هەیە کە یەک جار لەساڵ داوای وەرگرتنی کورتەیەک لەو زانیاریانە بکەیت کە تۆمار کراوە لەبارەی ئەتۆ. لەوکاتە داوایەک دەنووسیت کە ئیمزای دەکەیت و دەینێریت بۆ Vuxenutbildningscentrum. ئەگەر زانیاری تۆمارکراوی نادروست هەبێت لەبارەی ئەتۆ مافی داوای ڕاستکردنەوەت هەیە.

ئەگەر بۆچوونێکت هەیە لەبارەی دەرس دانەکە یان شتێکی دیکە لە خوێندنگا دەبێت ئەوە بۆ مامۆستاکەت باس بکەیت یان دەتوانیت ڕوو بکەیتە بەرپرسی خوێندن یان بەڕێوەبەری خوێندنگا لە خوێندنگا.

دەتوانیت بۆچوونەکانی دیکە یان گلەیی بدەیت بە ماڵپەڕی

stockholm.se/sfi .

**Vuxenutbildningscentrum**
Rosenlundsgatan 52
Tel: 08-508 35 450
Epost: sfi@stockholm.se
Webb: stockholm.se/sfi

